# هەڵسەنگاندنی سیاسی - کۆمەڵایەتی شۆڕشی ئێران بەپێی فاکتەرگەلی کۆمەڵایەتی دینی لە ساڵی ١٩٧٩

ن/ ماهر عەزیز
و. لە ئینگلیزییەوە/ مستەفا غەفور

تەوژم وکتوپڕی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێران لەساڵی 1970-1980خەڵکی سەرسامکرد چ لەناوخودی ئێران چ لە وڵاتانی دەرەوە. ڕژێمی ئۆتۆکراتی سیاسیی شا پتەو و سوپای شاهنشاهی بەهێزبوو. ئێران ئابوورییەکی گەشەسەندوو، چینێکی مامناوەندیی دەوڵەمەندو خاوەن دارایی هەبوو. ئەدی بۆچی بوو بە دەوڵەتێکی ئیسلامی؟ چۆن و بۆچی ئاخوەندە نەریتخوازەکانی شیعە بەتایبەتی لە کۆتایی 1970کاندا ڕێبەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنیان گرتە دەست؟

سەرئەنجام شا تاج و تەختی وەرگەڕا چونکە سیاسەتەکانی لەناو هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای ئێراندا شکستیان هێناو بەوان نامۆ بوون: لەوانە، چینی مامناوەندی تازە دەرکەوتوو، بازاڕییەکان، جوتیاران، چینی کرێکار، شارنشینانی هەژارو زانایانی ئایینی. لەبواری خەباتی شۆڕشگێڕیدا تێکڕای گرووپە گەورەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئایینییەکانەوە تا کۆمۆنیستەکان، ناکۆکییەکانیان وەلانابوو، لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی شادا یەکیان گرتبوو. بێگومان دوای هەرەسهێنانی فەرمانڕەوایی پەهلەوی، ئەم یەکێتییە نا پتەوە درزی تێکەوت و ناکۆکییەکان دەرکەوتن و بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ئێرانی دوای شۆڕش(سەردەمی نوێ) ئاشکرابوون. ئاخوندە نەریتخوازەکان بۆ هێنانە ئارای حکوومەتێکی ئیسلامی کە لەلایەن ئەوانەوە ڕابەرایەتی بکرێ، پشتیوانی تێڕوانینی خومەینیان کرد.(A.Hussain.1986.P37-42).

هەڵبەت، لێرەدا فاکتەرگەلی جۆراوجۆر لە شۆڕشی 1979دا پشکدار بوون، وەلێ من لەم وتارەدا، بەتایبەتی جەخت لەسەر ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دینیانە دەکەمەوە کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕش. کەواتە یەکەم: ڕۆڵی بەرجەستەی

ئاخونده نەریتخوازەکانی شیعە(عولەما)[1] دەخەمە بەرچاو لەمەڕ سازدان و هاندانی جەماوەر دژی ڕژێمی شاو سەرکردایەتیکردنی شۆرش تا سەرکەوتن. دووەم: هەوڵدەدەم ئەو بێزارییەی کۆمەلآنی خەڵك بەچینە جیاوازەکانیەوە پێناسەو دیاری بکەم بەتایبەتی بازاڕو بازاڕییان وەك هێزێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەلآیەتیی گرینگی شۆڕشی 1979ی ئێران.

بەم پێیە بۆ تێگەیشتن لەسەرهەڵدانی پێشەوایانی شیعە وەك ڕابەری ئەو خەباتە جەماوەرییەی ساڵی 1979، پێویستە چاوێکبخشێنین بە خەسڵەتی سەرەکی شیعەگەری لە ئێراندا لە ڕێگەی دامەزراوە ئایینییەکان و پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە. بە گوێرەی بەڵگەی مێژوویی شەش سەدە پێشتر شایەکانی سەفەوی (دوا شایەك1501-1722) بۆ ئەوەی بەتەواوی خۆیان لە ئیمپراتۆری عوسمانی سوننەمەزەب جیابکەنەوە مەزهەبی شیعەیان کردووە بە دینی ڕەسمی ولآت. شا لەوێدا نوێنەری ئیمام و سێبەری خوا بووە لەسەر زەوی. لەو سەردەمەدا ئاخوندەکانی شیعە (عولەما) پلەو پایەیەکی بەرزی جیاوازیان هەبووەو لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا خاوەن شان و شکۆ و داهاتێکی دینی زۆر بوون. ئەمانەش هەردووکیان ڕاستەوخۆ وەك داهاتی کەسایەتی و ناڕاستەوخۆو شێوەی وەقف بوون. بەم شێوەیە هەم خاوەن سامان و هەم خاوەن دەسەلآت بوون، بەشێوەیەکی بەرچاو بە ناخی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا ڕۆچووبوون ( Zubaida, 1993, p.30). وێدەچێ دواتر عولەما لەگەڵ دەوڵەتدا هەمیشە هاوکارییان کردبێ، ئیحتمیالە لەبەر پلەو پایەی خۆیان پشتیان بە دەوڵەت بەستبێ و تەنانەت لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەش ئیدعای هەندێ شای سەفەوییەکانیان قەبوڵ کردبێ بۆ ڕابەرایەتیکردن لە سەر ئەو بنەمایە کە ئەو شایانە بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر ئیمام ((Keddie, 1972, p. 220. سەفەوییەکان ئەوانەی شیعەگەری دوانزە ئیمامی (اثنی عشری)یان هێناو پەسندکرد وەك دینی ڕەسمی دەوڵەت، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تەریقەتێکی سۆفیانە بوون و بەرەبەرە ئاراستەی میلیتاری شیعەگەرییان وەخۆ گرت. ئەم شیعەگەرییەش وەك زوبێدا دەڵێ: بەهەرحاڵ مەزەبی دوانزە ئیمانی نەبوو، بەڵکو لەو جۆرە بوو کە بەگشتی بە توندڕۆ "غولات" ئاماژەی بۆ دەکرێ. کەواتە بەوردی، ئەم مەزەبە تێکەڵەیەك بوو لە شیعەگەری توندڕۆ و میلیتاری سۆفیگەری کە بەرتری و دینامیکییەتی دا بەڕژێمی سەفەوی تا لەبەرانبەر نیزامی لەئارادبووی ئێراندا رابوەستێ و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەست بەسەر ولآتدا بگرێت.کاتێ کە داگیرکاری تەواو بوو دەوڵەتی نوێ دامەزرا، شا ئیسماعیل مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی کرد بەدینی ڕەسمی حکوومەت.

شیعەگەریی دوانزە ئیمامی پتر بەئاراخوازو سۆفیگەری پێناسە دەکرێت نەك بە شۆڕش و کوشت و کوشتار. ئەمەش بەباشی لەگەڵ شیعەگەریی سەفەوییەکاندا دەگونجا. بەلآم لە سەردەمی قاجارەکاندا (1796-1926)کە بەزۆری هێز خۆیان سەپاند و ڕەچەڵەکیان نەدەچۆوە سەر ئیمام وەك سەفەوییەکان، شیعەگەریی ئێرانی هەڵویستێکی ئۆپۆزیسیۆنانەی بەرچاوی بەخۆوە گرت، هەر ئەمەش

بەڵگەی ئەو بۆچوونەیە کە شیعەگەری لەبنەڕەتەوە ئایدۆلۆجییەکی شۆڕشگێڕی بووە ( Zubaida, 1993, p.28 & Akhavi, 1980, p. 10-11). لەسەردەمی قاجارەکاندا هێزو توانای ئاخوندەکان زیادیکرد..کاتێ لە سەدەی حەڤدەدا دەسەڵاتی سەوفەوییەکان کەوتە لێژی، هەندێك لە عولەماکان نکۆڵیان لە شەرعیەتی ئایینی دەسەڵاتی شا دەکردو بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هەق بە موجتەهیدەکانە (پیاوانی دینی کامڵ) فەرمانڕەواییان لەدەستدابێ (Keddie, 1972, p. 221). ئەمەش وەك سەرەتای قۆناغێکی نوێی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و عولەماکان دەبینرا و نیشانەی ئەوەبوو لە بواری سیاسیدا عولەما ڕۆڵیان بەرەو زۆر بوون دەچوو. لاوازی فەرمانڕوایی قاجارەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی ڕوولەزیادبوونی ئەورووپییەکان و نا- مەرکەزییەت گەلێك دەسەلاتی گرنگی خستە دەست عولەماکان، لەوانە مەسەلە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان، زۆربەی پرسگەلی شەرعی، خوشگوزەرانی وکاری خێرو خێرات ( Keddie, 1981, p.24).

لە کۆتایی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا و بەدەستەوەگرتنی کاروباری ئەوقاف، ئیعتیماد خستنە سەر داهاتی دینی (وەقفی دینی) لەلایەن دەوڵەتەوە بنەمای گەورەی بۆ پەیوەندییەکانی زەوی و زار خولقاند ((Akhavi, 1980, p.56. بەم پێیە عولەما دەستیان کرد بەبەشداریکردن و تێوەگلانی توندو تۆڵ لە بواری سیاسی. بەرهەڵستکاریی عولەما دوو شێوەی بەخۆوەگرتبوو: نارەزایی شەرعی و دەستووری و، هەروەها بەشداری ڕاستەوخۆی سەرکردەی ئایینی لە خۆپیشاندان، پێکدادان، سەنگەربەندی.... . شێوەی یەکەمی ئەو نارازیبوونە لە ڕاپەڕینی تنباکۆ لە ساڵی 1981 دا دەرکەوت. لەهەمانکاتدا گرووپێك لە چینی مامناوەندی شارنشینی نەریتخواز (بازاڕییەکان) بەشداریان تێدا کرد. شایەکانی پەهلەوی لایان وابوو بازاڕییەکان گرفتن لەبەردەم ئەو کۆمەڵگە مۆدێرنەی دەیانەویست دروستی بکەن، لەبەر ئەوە هەوڵیاندا سیاسەتێکی ئەوتۆ بگرنە بەر لەبایەخی بازاڕییەکان کەم بکاتەوە. چونکە دەیانزانی هاوپەیمانی بازارگان و هێزی سەنعەتکاری بازاڕ و عولەمایانی دینی هەڕشەیەکی جیدییە بۆ سەر حکوومەتی شاهنشاهی. ئەم هاوپەیمانییە مێژووییە ڕۆڵکی مەزنی هەبوو لە دیاریکردنی دەرئەنجامی زنجیرە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی دژ بە حکوومەت و ئیمپریالیزم لە ساڵی 1891-1892 و دامەزراندنی حکوومەتی دەستووری لەساڵی 1905-1911. ئەمانە بەڵگەوشایەتی بەردەوامی بەشداریکردنێکی بەرچاوی عولەمایانی ئایینی بوون لە سەرکردایەتیکردنی خەبات دژی ستەمکاریی حکوومەتی پاشایەتی، بۆ شکڵگرتنی بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوت لەسەر دەستی موسەددیق لە ساڵی 1951-1953 دا گرینگ بوون و دواتر بوون بەکلیلی شۆڕشی 1979 (Keddie, 1981. P.3).

بیرمەندان پێیانوابوو سەرهەڵدانی ئەم هاوپەیمانییە بووە مایەی ئەوە کە ڕەزا شا سیستمێکی کۆماری وەك ئەوەی ئەتاتورك لە تورکیا، دانەمەزرێنێ بەڵکە سیستەمێکی بنەماڵەیی بۆ ماڵباتی خۆی دابین بکا. ڕەزاشا لەبەر

ئـەوەی دەرکـی بەپۆتانـسێلی هێـزی بـازار دەکـرد، هەوڵێـدا کـۆنترۆڵی بکـات. وەك چـۆن بەرنامـە سیکۆلاریستییەکەی بەپێـچەوانەوە کـاری کردەسـەر عولەماکان و زۆربەی چاکـسازییە ئابوورییەکانیـشی بازاڕیان ئازار دا[٢]. سەرئەنجام بازاڕ بۆ هەردوو شـای پەهلـەوی وەك ناوەنـدی ئۆپۆزیـسیۆن مایـەوە و لـە ساڵی 1978ڕابەرایەتی ئەو پێکدادانەی کرد کە بـوو بە هۆی ئیفلیجکردنـی چـەندین کـەرتی ئـابووری و یارمەتیگـەلی پراکتیکـی سیاسـی بـۆ عولـەمایان. هەرچەند پشکداری سیاسی عولـەمایانی شـیعە لـە سـەدەی شـانزدەهەمەوە درێـژەی هـەبووە، بـەڵام لەراستیدا پتر بەرهەڵستکاری بووە نەك شۆڕشگێڕیو داهێنان (Zubaida, 1993. P. 32).

ڕەزا شا لە مـاوەی حـوکمڕانی خۆیـدا (-1941 1925) بەپشتەوانی سوپاو بیرۆکراتی حکوومـەت و هەندێ دەستەو دایرەی دادگا، توانی دەسەڵاتی خـۆی پتەو بکات و دواتر هێندێك نـۆرمی کۆمەڵایـەتی و ئایینیی کۆمەڵگەی سوننەتی بگۆڕێ و بەهای نـوێی دەوڵـەتی- نەتـەوە جێگـەیان بگرنـەوە.. بـەم پێیـە دامـەزراوە دینییـەکان هێنـدێك لـە جیـاوك و دەسکەوتەکانیان لەدەسـت دا بەتایبـەتی لـە بـواری یاسا، پـەروەردەو ڕۆشـنبیری و داهاتـە دینییـەکان، بـەڵام سـەربەخۆیی بـەڕێوەبردنی خۆیـان بەتـەواوی لەدەست نەدا، چـونکە هێـشتا مزگـەوت و حـەوزەو حوسـێنییەو قوتابخانـە دینییـەکانیان بەدەسـتەوە مابوو، ئەمانەش ڕۆڵێکی بەرجەستەیان لـە شۆڕشـی 1979دا بینی (Zubaida, 1993. P. 57-58).

ئەم سیاسەتانەی ڕەزا شا لەسەردەمی حـوکمڕانی محەمەد ڕەزای کوڕیشیدا، بەردەوامبوون و کاریان لـە ژێرخانی ئـابووری کـرد نـەك لـە بنیـادی سیاسـیی پاشـایەتی. لەسـەردەمی ئـەودا (1941-1979) زیادبوونی بەرچاوی داهاتەکانی نەوت هاوشان لەگەڵ بەناوەنـدیکردنی ئـابووری، فـشاری کۆمەڵایـەتی و ناهاوسەنگی لێکەوتەوە. سیاسەتگەلی نوێخوازی، و بەرۆژئاواییکردن و بەشاریکردن کەلێنی خستە نێـوان دەرامەتی خاوەنانی پیشەسازی و بازاڕییەکان کە بوو بەهۆی گوشارێکی شۆڕشگێڕی و سەرئەنجام ڕووخانی ڕژێـم. بازاڕییـەکان سـوودیان لـە گەشەسـەندنی (1974-1978) وەرنـەگرت، بەناچـاری بوونـە یارمەتیـدەری شـۆڕش ( Hialiday, 1978. P. 138-172).

لە ماوەی نێـوان (1941-1953) سۆشـیالیزم و ناسـیۆنالیزمی سـیکولار هانـدەری کۆمـەڵانی لێکـدابڕاوی خـەڵك بـوون.لـە(1953تـا 1962)پەیوەندییـەکی بـاش لـەنێوان حکوومـەت و مەلایەکاندا هەبوو، بەڵام کە شا ویـستی ڕیفۆرمێـك بـەناوی "شۆڕشـی سـپی" پێـشکەش بکـات ئـەم پەیوەندییانە گیروگرفت و کێشەیان تێ کـەوت. بـەم پێیە بەرنامەکانی پەرەپێدان و ڕیفۆرمی نەتەوایـەتی کە شا لە 1950 یەکاندا دەسـتیپێکردو لـە 1963 ناونرا (شۆڕشی سپی).

جگـە لـەوە چاکـسازیی زەوی کـشتوکاڵی بابەتێکی سەرەکی بەرنامەی پەرەپێدانی ئابووری شا بوو کە هەم کاریگەری لەسەر بنیادی ئابووری و هەم لەسەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بـواری کـشتوکاڵی کۆمەڵگـە هـەبوو. ئـەو بەرنامەیـە، دەسـەڵاتی سوننەتی کەسایەتییە بەرچاوەکانی لادێی بنکـۆڵکرد و هـانی چـاندن و کـشت وکـاڵی بازرگـانی داو،

پێکهاتەی چینایەتیی جوتیارانی گۆڕی. لەوەش گرینگتر عولەما بەو چاکسازییە زەمینەی خۆیان لەدەست دا و هێزیان لەناو بازاڕییەکانیش لەکەمی دا (Hialiday, 1978. P. 109-137).

گۆڕینی پێکهاتەی دێهاتەکانی ئێران کە دەرئەنجامی بەسەرمایەداریکردنی کشتوکاڵ بوو لە 1960ـەکان و 1970یەکاندا، دەسەلاتی لە گەورە مالیکەکان کەم نەکردەوە بەسوودی کەمدەرامەت و خۆبژێوی دێهاتەکان.

لەبری ئەوە، زەوی و زار بەهەندیك جوتیار درا لە کاتێکدا تا رادەیەکی گەورە دەسەلات لە گوند کەوتە دەست دەولەت (Hialiday, 1978. P. 132).

هەروا کێشەی نێوان شاو عولەما دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1959 ئەوکاتەی عولەماکان (بەهبەهانی و خومەینی و.......) بەتوندی رخنەیان لە پرۆژەی ئازادیی ئافرەت گرت. وەلێ یەکەمین بڕیار کە رووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لێکەوتەوە گەلالەی چاکسازی زەوی‌و زاری کشتوکاڵی بوو کە لە دێسامبری ساڵی 1959 درا بە مەجلیس واتە (پارلمانی ئێرانی)[٣].

وەك پێشتر باسمان کرد بناغەی داهاتە دینییەکان لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە دانرابوو. عولەما لە زۆر ناوچەو دەڤەری ولاتدا یان خاوەنی زەوی بوون یان زەویگەلێکیان لەبەر دەستدابوو، ئەمەش فاکتەرێکی گرینگ بوو بۆ سەربەخۆیی ئابووریی ئەوان. عولەما پرۆژەی دابەشکردنی زەوی وزاریان بەسەر جوتیاراندا بەهەڕەشەیەك دەزانی بۆ سەر سەر بەخۆیی ئابووریی خۆیان و بۆ سەر موڵکایەتی تایبەت کە لەلایەن شەرعەوە بەپیرۆز دادەنرا، لەهەمانکاتدا دەترسان ئەو داهاتەیان لەکیس بچێ کە بۆ پاراستنی مزگەوت، کۆلیجی دینی، بەڕێوەبردنی مەراسیمەکان، بۆ دەرامەتی خۆیان و فەقێکانیان پشتیان پێدەبەست.

داهاتی سەرەکی عولەمایەکان لە (زەکات و خومس) کە وەك باجێکی ئیسلامییە، دەستەبەردەکرا. دژایەتی عولەمایان بۆ ئەو بڕیارە پەیوەندی بەو ڕقەوە هەبوو کە لە بەرانبەر ڕژێمی گەندەڵ و داپلۆسێنەری شادا (بەتایبەتی لەنێوان 1950-1979) هەیانبوو ( Zubaida, 1993. P. 57-58)، (Hialiday, 1978. P 285-287).

هەروەك کیدی ئاماژەی پێ دەکات تەنیا لە1960 ەکان و 1970-یەکاندا ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو بیرۆکەیەی هێنایە گۆڕێ: کە ئیسلام لە بنەڕەتەوە دوژمنی ستەم و داپلۆسینە و عولەما دەتوانن ڕاستەوخۆ ڕابەرایەتی و حوکم بکەن؟ واباشە لەم نوختە نیگایەوە تیشك بخەینە سەر پێگەی خومەینی و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ڕوون بکەینەوە[٤].

لە ڕوانگەی ئیبراهیمیان دوو فاکتەر ڕۆڵی بەرجەستەی خومەینی و جەماوەرییبوونی بەرفراوانی وی ڕوون دەکەنەوە، یەکەم: کەسایەتی خۆی وەك ڕابەرێکی دینیی شۆرشگێری کاریزما، دووەم: زیرەکییەکەی بەتایبەتی وەدووخۆخستنی تێکڕای هێزە پان و بەرینە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان.

بۆ ریسواکردنی شا، خومەینی بەڵێنی بە خەڵك دا کە ئێران لەژێر دەسەلاتی هێزە بیانییەکان ڕزگار بکات، ئازادی بدا بە هەموو حزبە سیاسییەکان، مافەکانی کەمینە دینییەکان دابین بکات، دادپەروەریی کۆمەلایەتی هەموان بگرێتەوە

بەتایبەتی، بازاڕییەکان، ڕۆشنبیران، جوتیاران، لە هەمووان گرینگتر چینی کەم دەرامەت (مستضعفین). ئەم بەڵێنانە کاری خۆیان کردو پانتاییەکی پان و بەرینی هێزە سیاسییەکانیان ڕاکێشا، لە نەریتخوازە ئایینییەکانەوە بگرە تا لیبرالەکان، هەر لە ناسیۆنالیستەکانەوە بگرە تا مارکسیستەکان. بەپێی لێکدانەوەی ئیبراهیمیان بڕبڕەی بزووتنەوەکەی خومەینی: چینی مامناوەندی نەریتخواز (سوننەتی) بوون بەتایبەتی بازاڕی و عولەمایان (Ibrahimyan. P. 1982, P. 532-533). ئیبراهیمیان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کۆبوونەوەی دوو فاکتەر عولەماکانی گەیاندە دەسەلات، یەکەمیان: هێزە هەمیشەییەکان کە بریتین لە کلتووری شیعەگەریی جەماوەری شارستان، هاوپەیمانێتی مێژوویی نێوان بازاڕی و دامەزراوە دینیی و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییە ـ ئابوورییەکانی 1960 ەکان و1970یەکان.

دووەمیان: فاکتەرە کاتییەکان، لەوانە کەسایەتی کاریزمایی خومەینی کە پێشتر باسمانکرد. (Ibrahimyan. P. 537). ئەوەی گرینگە و پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە و کلیلی تێگەیشتنە لە دۆکترین (مەزهەب)ی خومەینی سەبارەت بە ڕژێمی ئیسلامی، بیرۆکەی ولایەتی فەقیهە. چەمکی حکومەت لە بیری سیاسیی خومەینیدا لە ولایەتەوە (واتە سەرکردایەتی) یەوە سەرچاوەی گرتووە. ویلایەتیش دەگەڕێتەوە بۆ خوا، واتە هی خواو پێغەمبەرەکەی محەمەد(د. خ)و ئیمامە پاك و بێگەردو (مەعسوم)ەکانە تا دەگاتە فەقیهی خاوەن تەقوا. هەم دەسەڵاتی زەمەنی و هەم دەسەڵاتی ڕۆحی هی فەقیهە کە لە "غیاب"ی ئیمامی دوازدەمدا ئەو پیادەی دەکات تا دواییەکەی وەکو مەهدی یان ساحێبی زەمان بۆ دامەزراندنی حوکمێکی دادپەروەر و یەکساندا، دەرەکەوێ (Ibrahamian, 1993, p.19).

ڕوونتر بڵێین خومەینی بەپشبەستن بە هەلومەرجی سیاسی بە بۆچوون و ئاراستەکانی دادەچوەوە، ئیسلامی شیعەی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەهاوتا دادەنا، بەتایبەتی یەکسانی لە دابەشکردنی دەرامەت. بەچەوساوەو پاپەتی و چادرنشینەکانی هەڵدەگووت، ئەو باڵەخانەنشینە چاوچنۆکانەی تاوانبار دەکرد کە خاوەن بەردەستەی بیانی بەتایبەتی ئەمەریکی بوون (Ibrahimyan. P. 132).

شۆڕش دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی گەشەسەندنی خێراو ناڕێکی ئابووری بوو. هۆی سەرەکی ئەو ڕووداوە ئەو ناکۆکیانە بوون کە لە گەشەسەندنی سەرمایەداریدا لەدایك بوون و دژ بە دامەزراوە و هەڵویستەکانی جەماوەر بوون کە ڕێگربوون لە بەردەم پرۆسەی گۆڕانکاری (Haliday. 1988. P39).

وێڕای ئەوەی کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هاوپەیمانێتیەکی بەرفرەوان پێکهاتبوو: لە توێژ و هێزە مۆدێرنەکانەوە بگرە تا هێزەکانی پێش سەرمایەداری یان پێش بە پیشەسازی و، ئیسلام ڕۆڵێکی مەزن و پەرەگرتووی لە هاندان و بەجەماوەریبوونی پرۆسەکەدا گێڕا. ئیسلام تاکە هێزێك بوو لە ناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا کە شا نەیتوانیبوو تێکیبشکێنێ، لە سۆنگەی ئەمەوە ئیسلام توانی ئەو ڕێکخستن و دیسپلین و ئایدۆلۆجییە

دابــین بکــات کــە هــەر شۆڕشــێك گەرەکیــەتی (Ibrahimyan. P49).

لە ڕیپۆرتاژەکەی هالیدای تێبینی ئەوە دەکەین کـە کۆبوونــەوەی ناسیۆنالیــستی نوێخــواز و پارێزکــار (ڕاستڕەوەکان) لەگـەڵ مارکسیـستەکان (چـەپڕەوەکان) بــەجیا بــەگفت و بەڵێنــەکانی خومــەینی هانــدەدران، ئەمەش لەباربوو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای ئێرانی و بە سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی شۆڕش دەژمێردرێ.

یەکێك لە ئاکارە بێ وێنەو گرینگـەکانی شۆڕشـی ساڵی 1979 ی ئێران خەسڵەتی ئیسلامیبوونیەتی کـە لە ڕوانگەی جیهانیی ئایینیی چـینێکی کۆمەڵایـەتیی تایبەتەوە سەریهەڵدەداوە، بەڵکو لە پێگـەی مێـژوویی تایبــەتیی دامــەزراوەی ئــایینیی شــیعە لــە ئێرانــدا هەڵقوڵاوە (Zubaida, 1993. P. 80).

لە پانزە ساڵی پێش شۆڕشدا(1963-1979) گەلێ شـێوەی ئیـسلامی سیاسـی پێکـەوەبوون: چـەپڕەو، ئیسلامی میللی، ئیسلامی مۆدێرن کە بەهۆی عـەلی شەریعەتی و جەلالی ئال ئەحمـەد (ئەنـدامی پێـشووی حزبی توودەی ئێران) دیکتـە و لەلایـەن موجاهیـدینی خەڵکەوە پیادە دەکرا. جەلالی ئال ئەحمەد لە نامیلکـە بەنرخەکەیدا بە ناوی "غەربزەدەگی" (ڕۆژئاواییگەری ـ تاعونی ڕۆژئاوا) هێرشی بردۆتە سەر بەڕۆژئاواییبوون و پرســی 1960 دەگێڕێتــەوە بۆســەر ڕەگ و ڕیــشەی ئیسلام، تاکە نووسەری هاوچـەرخ بـوو تێبینییـەکانی خومــەینی بەهەنــد وەردەگــرت. لەگــەڵ ئەوەشــدا بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ ئیـسلام دەکـرد، ئـەم کـارەی ناوبراو دیدێکی مارکسیـستی بـەهێز و شـیکردنەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی لەڕوانگـەی چـینایەتییەوە گرتبـووە خۆ. موجاهیدینی خـەڵك لێکدانەوەیـەکی نوێیـان بـۆ بیرۆکەی ئیسلام و سۆشیالیزم کرد کە لە بۆچـوونەکانی عەلی شەریعەتی[٥] نزیك بوو (Zubaida, 1993. P. 80, Ibrahimyan.1993. P. 23).

ئاشکرایە ئەمە بەیەکگەیشتنی ئەو بیرو ئاراسـتانە بوو لەگەڵ کـاری سیاسـی گروپێکـی ئۆرگـانیزەکراوی تۆکمەی عولـەماو شـاگردو سـوختەو فـەقێکانیان لـە دەوری خومەینی کە توانیان شیعەگەری لە سەرەتاکانی 1970 وە بگوازنەوە نـاو جەرگـەی گوتـاری سیاسـیی ئێران. ئێمە بەو ئەنجامـە دەگـەین کـە ئـەو گـرووپ و جــەماوەرو کۆمەڵانــەی زۆر لەبەرنامــەکانی شــادا زەرەرمەندبیون بریتی بـوون لـە: جوتیـارە هـەژارەکان، وردە بــۆرژوا (بــازاڕی، دووکانــدار و پیــشەداران)و شارنــشینانی هــەژار (کارگــەرە کەمداهاتــەکانی پیشەسازی). ئەم گرووپ و توێژانە نـەك هـەر لـەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەچەوسێنرانەوە، بەڵکو لەڕووی فەرهەنگیشەوە پەراوێزکرابوون.

وەك ئیبراهیمیــان ئامــاژەی پێــدەکات، دوای حــوزەیرانی 1978 شارنــشینانی هــەژار بەتایبــەتی کرێکارانی بیناسازی و کارخانەکان بـۆ خـۆ پێـشاندان هاتنەســەر جادەکــان و بەبەشــداریکردنیان پێکهاتــەی چـینایەتیی ئۆپۆزیـسیۆنیان گـۆڕی و نـاڕەزایی چـینی مامناوەندیان کردە نارەزایی چینی ناوەڕاسـت و چـینی کرێکار. لەڕاستیدا هاتنی چینی کرێکارو هەژارانی شار دواســەرکەوتنی شۆڕشــی ئیــسلامی مــسۆگەر کــرد (Ibrahimyan, 1982. P. 510).

بەهەرحاڵ کاتێ کرێکـاران بەشـدارییان لـە کـاری شۆڕشـگێرانە کـرد، ئـەم بەشـداریکردنەیان کـارێکی بەکۆمــەڵی ئــەم چــینە وەك چــینێك نــەبوو، چــونکە چالاکیی دەستەجەمعی ئەوان، لەلایـەن ڕێکخراوێکـی ڕابەرایەتی ئاراستە نـەدەکرا. چـالاکی دەسـتەجەمعی ڕێکخراوی کرێکاران و هەژارو رەش و رووتی شارنـشین

لە شۆڕشی دا 1979 لە زنجیرە مانگرتنی یەك لە دوای یەك کورت ببۆوە، نەیاندەتوانی ئەو ئاستەی ڕێکخستن بەرەو ئاستێکی بەرزتر ببەن وەك سەندیکاو یەکێتیی کرێکاری یان پارتێکی سیاسی.

وەك زوبێدا ئاماژەی پێکردووە چینی کرێکاری ئێران بە قەبارە بچووك و بەئەندازەی پێویستیش خاوەن ئەزموون یان دیسپلین و ڕێکخستن نەبوو تا سەرکردایەتی شۆڕشەکە بکات. تاکە پێشەنگی ئەم چینە، کرێکارانی پالاوگەی نەوتی تاران بوو، مانگرتنەکانیان لە ساڵی 1978 لەگەڵ مانگرتنی کرێکارانی پالاوگەکانی تری ئیسفەهان و شیرازو تەوریز و عەبادان لە هەمان ساڵدا یەکیان گرتەوە. ئەو مانگرتنانە قۆناغی هەرە گرینگی شۆڕش بوون (Zubaida, 1993. P. 72, Ibrahimyan. 1982, P. 517-518).

پێویستە ئەوەش بگووترێ و من هەمیشە مشت ومڕی لەسەر دەکەم: خومەینی توانی چینی کرێکاری ئێران لە ساڵی 1979 دا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەکاری بهێنێ. هەروەك دەبینین زۆربەی عولەما سەرکوت وگۆشەگیر کران بەهۆی گۆڕانکاریی فەرهەنگیی سەرتاپاگیرو بەرۆژئاواییکردنی خێرا و خەسڵەتی سیکۆلاریستی حکومەت کە لە ساڵەکانی 1950و1960 دا هەرەشەی لە شەرعییەتی کلتووری و کۆمەڵایەتی ئاخوندەکان دەکرد. لاوانی خوێندەوارو ڕۆشنبیری نوێخواز، بەگشتی عولەماو دامەزراوە دینییەکانیان ڕەتدەکردەوە. بەلای عولەماکانەوە، سەرچاوەی ئەم بەدکاری و تەنگژەیە دەگەڕایەوە بۆ ڕژێمی گەندەڵ و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی. ئەم کێشانە ئاخوندەکانیان کرد بە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کە ئامانجی رووخاندنی شاو ڕژێمە ستەمکارەکەی بێ. من لەگەڵ زوبێدا هاوڕام کە کۆنترۆڵکردنی شۆڕش لەلایەن عولەماکانەوە دەرئەنجامی ئەو یەکبوونە تایبەتییە بوو کە سروشت و مێژووی دامەزراوە دینییەکان لە ئێران ڕۆڵێکی گرینگیان تێدا گێڕا (Zubaida, 1993. P. 172).

شۆڕشی ساڵی 1979 لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشێکی سیاسی بوو، بەلام بەمیتۆدی شۆرشێکی دینی کاری دەکرد. ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی کە خومەینی و لایەنگرانی لە سەرەتاکانی1980 دا دایانمەزراند وەك دەوڵەتی پەهلەوی بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و دینییەکان بێگانە نەبوو، توخمگەلە کۆمارییەکەی ئەم دەوڵەتەش لەهەر دوو ڕووی ڕێکخستنی سیاسی و پێکهاتەوە، لەگەڵ مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەدا دەگونجان (Zubaida, 1993. P178-179).

بەپێچەوانەوەی ئاخوندە شیعەکانی ئێران کە دامەزراوە دینییەکانیان پشت بە(خومس و زەکات) دەبەستن، ئاخوندە شیعەکانی عیراق و دامەزراوەکانیان، بەدەست نەبوونی سەرچاوەی داهات دەناڵێنن. بەپێچەوانەی بارو دۆخی ئێران، بازرگانانی عێراق هەرگیز پشتیوانی عولەما ناکەن. پەیوەندی نزیکی نێوان ئاخوندەکانی شیعەو کۆمەڵگاو بواری ئابووری لە ئێران و نەبوونی ئەم خەسڵەتە لە عێراق، یارمەتیمان دەدات بزانین بۆچی شیعەگەری لە هەردوو وڵات لە سەدەی بیستدا[٦] لەبارو دۆخی جیاوازدان، ئەمەش دەکرێ وتارێکی دیکە بێت.

**پەراوێزەکان**

جۆراو جۆری شیعە گەری لە:

١- لایــەنگرانی شــیعەگەریی ئێــران دەڵــێن لــە مێژوودا دوازدە ئیمام هەبوون، یەکەمیان عەلی بــووە و دوازدە هــەمیان ئەلمەهــدی. هەرچــەندە شیعە پێیانوایە ئیمامەت بەدەرکەوتنی تیشکی ئــەو دوازدە ئیمامــە (ئیمــامی حەوتــەم یــا دوازدەهەم لەهەر شێوەیەکدا) کە درێژبوونەوەی پێغەمبەرایەتییە، گەرەنتی رزگار بوونە.

٢- بازرگانانی بازار لەپێناوی برواو بـژیوی خۆیـان بۆ دژایــەتی کردنــی سیاســەتی دوژمنکارانــەی حکومــــەت لەگــــەڵ بــــرژوازی بەتایبــــەتی عولەماکان هاو پەیمانبوون.

٣- کیــدی ئامــاژەی بــەوە کــردووە کــە زۆربــەی عولــــەماکان دژی چاکــــسازی زەمــــین بــــوون، خومەینیش هەر ئەو ڕێگایــەی بەتاکــە ڕێگــای ڕووبەڕووبوونــەوە زانــی.زوبێــدا ئــەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەرهەڵستکاری دینیــی خومــەینی ئاڕاستەی کردەگەلێکی دەوڵەت بوو: چاکسازی زەوی، مــــافی دەنگــــدانی ژنــــان وچــــەندین دەســکەوت و جیــاوکی یاســایی بــۆ کەســانی ئەمریکایی لەناو ئێران. گووتەو بۆ چــوونەکانی لەمەڕ بابەتی دوایی روون و ئاشکرا بــوو، وەلێ لەمــەڕ یەکــەم و دووەم هەڵویــستێکی روونــی نــەبوو. بڕوانــە(کیــدی ١٩٨١ل٣٠) و(زوبێــدا ١٩٩٣ ل٥٨).

ئیبراهیمیان ئاماژە بەوەە دەکـا لەگـەڵ ئەوەشـدا خومــەینی هەڵویــستێکی ئاســایی خــۆی لــە ســـاڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٥٠، ١٩٤٠ بەرامبـــەر دەوڵەت هەبوو. بەڵام لە ســاڵی ١٩٦٣کــە وەك دەنگێکی بەرزی دینــی دژی ڕژێــم دەرکــەوت، داوای شۆڕش و ڕووخانــدنی ڕژێمــی پاشــایەتی نەکرد.(ئیبراهیمیان ١٩٩٣ل٢١).

٤- زوبێــدا بەتایبــەتی جــەخت لەســەر ڕۆڵــی یەکلاکــەرەوەی خومــەینی لــە شۆڕشــی ١٩٧٩ دەکاتــەوە، دەڵــی شۆڕشــی ئێــران و کۆمــاری ئــسلامی بەکەســایەتی خومەینییــەوە پێناســە دەکرێت و خومەینی فەقیهێکی ژمارە یەك بوو (زوبێدا ١٩٩٣).

٥- بەتیــشك خــستنە ســەر بــیرو بۆچــوونەکانی شــەریعەتی زوبێــدا ئامــاژە بــەوە دەکــا کــە شەریعەتی لەگەڵ شێوەی عولەما نــاکۆك بــوو، دیــاریش نــەبوو کــە پێــشنیاری چ جــۆرە ڕابەرایەتییەك دەکات، سەرەڕای بێزاریــشی لــە عولــەما هاوکێــشەکەی خــاڵی نــەبوو لــەو ڕابەرایەتییەی ولایەتی فەقیە پێشنیاری دەکرد. بۆ زانیاری پتر لەسەر شەریعەتی بڕوانــە زوبێــدا ١٩٩٣ ل٢٠ـ٢٦.

٦- بۆ زانیــاری پــتر لەســەر عولــەمایانی شــیعەی عێــراق و پەیوەنــدیان لەگــەڵ دەوڵــەت بڕوانــە (ناکاش١٩٩٤ ل٢٧١ـ٢٧٢).

### سەرچاوەکان

1- Abrahamian, E, (1982), Iran Between Two Revolutions, Princeton University Press.
2- Abrahami, E, (1993) Khomeinism, I. B. Tauriss Co Ltd, London, 1993.
3- Akhavi, S, (1980) Religion and Polities in Contemporary Iran, State University of New York, Albany.
4- Bonine, M.E. (1981), "Shope and Shopkeepers: Dynamics of an Iranian Provincial Bazaar", In M. E. Bonone and.
5- N. Halliday. F (1979). Iran Dictatorship and Development, Penguin Books.
6- Halliday, F, (1988) "The Iranian Revolution: Uneven Development and Religions Populism" In F, Halliday and H ALavi, State and Ideology in the Middle East and Pakistan, Monthly Review Press, New York.
7- Hussein, a, (1986), the Revolution in Iran, Wayland Ltd.
8- Keddie, N. (1972), "The Roots of ulama's Power in Modern Iran", In N, R. Keddie (Ed). Scholars, Saints, and Sufis, University of California press.
9- Keddie, N, (1981) "Religion, Society, and Revolution in Modern Iran, N, (1981) "Religion, Society, and Revolution in Modern Iran", in, M, E Bonine and N, R, Keddie, Continuity and Change in Modern Iran, State University of New York press, Albany.
10- Keddis, N, (Eds), (1981), Continuity and Change in Modern Iran, State University of New York, Albany.
11- Nakash, Y. (1994) the Shi'is of Iraq, Princeton University Press.
12- Zubaida, S, (1993), Islam the People, the State, I. B. Tauris, London.